سلێمانی.. کارەبای چەند گەڕەک و سیتێک کرایەوە 24 کاتژمێری



ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێم ، لەچوارچێوەی قۆناغی دووەمی پڕۆژەی رونا‌کیدا، کارەبای 24 کاتژمێری گەیەندرایە 14 گەڕەك و چوار سیتی شاری سلێمانی.

هەریەك لە گەڕەکەکان:

1- کازیوە 1 و 2

2- سەیوان

3- گێژە و گێژەی نوێ

4- هەوارە بەرزە

5- توی مەلیك

6- علی کەمال

7- ئازادی

8- شەهیدانی ئازادی

9- ئیسکان

10- اصلاح

11- ئیبراهیم ئەحمەد نزیك مزگەوتی بەهەشت.

12- سەرکارەز پشت ئامادەیی سلەمانی کچان

کارەبای 24 کاتژمێری بۆ ئەم چوار ستیەیە دابین کرا:

- گۆیژەی سیتی

- شاری خەونەکان

- شاری دایك

- گوندی ئەڵمانی 3

وەزارەتی کارەبا باسی لەوەشکردوە، "لەو قۆناغەدا 25.813 هاوبەشی کارەبا لە سلەمانی کارەبای 24 کاتژمێریان دەبێت کە لە 23.733 هاوبەشی ماڵان و 2.080 هاوبەشی بازرگانی پێکهاتوە".